**بەش / مێژوو**

**کۆلێژ / ئاداب**

**زانکۆ / سەلاحەدین**

**بابەت / مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**

**پەرتووکی کۆرس / قۆناغی سێیەم/ ئێواران**

**ناوی مامۆستا : سامان عمر حمد / قوتابی دکتۆرا**

**ساڵی خوێندن ٢٠٢٣-٢٠٢٤ کۆرسی یەکەم**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | سامان عمر حمد |
| 3. بەش/ کۆلێژ | بەشی مێژوو/کۆلێژی ئاداب |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: saman.hamad@su.edu.krd |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | ٣ کاتژمێر |
| 6. ژمارەی کارکردن | ٦ کاتژمێر |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | هەڵگری بروانامەی ماستەر لە مێژووی نوێ/زانکۆی لیستر-بەریتانیا<br><br>قوتابی دکتۆرا لە زانکۆی سەلاحەددین، زانیاری زیاتر لە پرۆفایلی کەسی ئاماژەی پێدراوە. |
| 9. وشە سەرەکیەکان | ئەمریکا، ویلایەتەکان، کۆیلایەتی، شۆرش، دەستور، کۆنگرە. |

**10.ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

**ئامانجی کۆرسەکە تێگەیشتن و ئاشناکردنی قوتابیە بە مێژووی دروست بوونی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەگشتی و قۆناغی سەدەکانی ناوەنجی بە تایبەتی بە یەکێك لە بابەتە گرنگەکان ئەژمار دەکرێت لە ماوەی سالانی خوێندنی قوتابیانی بەشی مێژوو، سەردەمیك کە چەند سەد ساڵێك تیپەڕی کردووە لە دۆزینەوەی. لە کاتیکدا بوتە جیگەی بایەخ دراسە کردنی لە میژووی گوڕان کاریەکانی.**

**ئەمریکا لەسەدەکانی ناوەراستدا لە رووی سیاسیەوە رووداو گەلیکی گرن بووپر لە روداوو وێستگەی گرنگ و گۆرانکاریەکانی میژووی دۆزینەوەجوگرافیاکان هەر لەسەردەمی دۆزینەوە جوگرافیاکان و دیاردەی کۆچکردن و بەریەك کەوتنی کەلتورەکان، توانەوەیان و لوون بەگەلێکی نوێ ئەویش بوونی ئەمریکیەکانە. بۆیە لەسەرەتاکانی دۆزینەوە جوگرافیاکان و ململانی دەولەتانی ئەوروپی لە سەدەکانی ناوەراستەوە تا سەردەمی کۆتایی سەدەکانی ناوەراست بۆتە هاتنە کایەی دەولەتیکی نوێی لە لە زەویە دۆزراوەکان ئەویش ئەمریکایە، لە پالْ رەهندی سیاسی بێگومان رەهەندی شارستانی کۆمەلایەتی ئەمریکا پێویستی بە هەلوەستە لەسەر کردن و خوێندنەوەی وردو لەسەرخۆ هەیە تاکو لایەنە شارستانیەکەی و پێکهاتەکانی تێبگەین لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە ئەوروپای ناوەراست و سیستەمی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەلگەی ئەورپی تایبەتمەندی خۆی هەیە چ لە رووی زەمەن و چ لە رووی توخمەکانی.**

**11. ئامانجەکانی کۆرس:**

1- **قۆستنەوەی کۆرسەکە بۆ ئاشنا کردنی قوتابیانی خوشەویست بە مێژووی دۆزینەوەی ئەمریکاو و کاریگەری بەسەر مێژووی ئەوروپا وجیهانەوە**

2- **شیکردنەوەی ڕووداوە مێژووییە گرنگەکان لە چوار چێوەی مێژووی ئەمریکا فۆکۆس خستنە سەر لایەنە سیاسی و سەربازی و شارستانیەکەی**

3- **کاری گەری دۆزەرەوە جوگرافیاکان لە سەدەکانی ناوەراستەوە بەرەو سەردەمی نوێ و بوژانەوەی ئەمریکا لە روی هرزی و رۆشنبیریەوە.**

4- **گرێدان و بەستنەوەی هەندی لە رووداوە مێژووییەکان بە داکەوتەی مێژوویی و سیاسی ئەمرۆمان و دەست خستنە سەر هەندی لایەنی پەیوەست بەدیوەکەی تری و لە دیدێکی فەلسەفیانەوە .**

5- **هاندانی قوتیان بۆ زیاتر خۆ رۆشنبیرکردن و سوود وەرگرتن لە مێژووی نەتەوەو گەلانی بیانی وەك مێژووی دروست بونی دانیشگاو ولایەتەکانی ئەمریکا و گەیشتن بەسەربەخۆبوون، رونکردنەوەی ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیان بەژیانی ئیمەشەوە هەیە.**

**12. ئەرکەکانی قوتابی:**

**سەبارەت بە ئەرکی قوتابیان لە کۆرسەکەدا ، پێویستە بەربرسانە مامەلە لەگەل وانەکە بکات ، ئەویش لەرێگای ئامادەبوونی بەردەوام ، چونکە بابەتی کۆرسەکە بەشێوەیەك دارێژراوە کە تێك هەلکێشی یەکترن ، زۆرجار بابەتە مێژوویەکان لە تیۆری و شێوازی دارشتن دەچێتە بواری لێکدانەوە و شیکاری بۆیە ئامادە نەبوونی قوتابی کاریگەری نەرێنی دروست دەکات لە تێنەگەیشتنی لەبابەتەکە ، لەلایەکی دیکەوە لەرێگای ئەنجامدانی تاقیکردنەوە کە پێویستە هەموو قوتابیان تێیدا بەشدا بن ، کە ئەویش وەك پێوەرێك دادەنرێت بۆ تواناکانی قوتابی و تێگەیشتنەکانی لەبابەتی کۆرسەکە ، بێگومان سەرکەوتنی قوتابی لەوەدا جێگای خۆی دەگرێت ، کە ئەرکەکانی بە تەواوەتی جێ بەجێ بکات ، بەشێوەیەك رۆژانە پێداچوونەوە بە بابەتەکە بکات و بگەرێتەوە بۆ ئەو سەرچاوەو ژێدەرە سەرەکییانەی کە لەبابەتەکە سوودی لێ دەبینێت ، تەنها پەیوەست نەبێت بەوەی کە لە ماموستاکەیەوە پیضی دەگات ، هەروەها هەرقوتابیەك تەنها لەکاتی تاقیکردنەوەکان پێداچوونەوە بکات ، بەدلنیایەوە ماندووبونێکی بێ ئاکام دەستەبەر دەکات .**

## 13. ڕێگەی وانە ووتنەوە :

بەکارهێنانی لابتۆپ و داتاشۆ بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتری پەیامەکان و گەیاندنیان بە قوتابیان . هەروەها بەکارهێنانی تەختەی سپی و قەڵەمی ماجیك بۆ مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوە زانیارییەکان.بەشدارپێکردنی زۆرترین ژمارەی قوتابیان لە وانەکان و پێشکەشکردنی سیمینار و ئەنجامدانی ڕاپۆرت بەشێوەی گرووپ وەکو چالاکی سالآنە.

## 14. سیستەمی هەڵسەنگاندن:

– ئەنجامدانی تاقیکردنەوە:

1– لەمانگی(تشرینی دووەم ٢٠٢٣) لەسەر (١٥نمرە).

2– لەمانگی(کانونی یەکەم ٢٠٢٣). لەسەر(١٥نمرە).

–چالاکی ڕۆژانە و راپۆرت و سمینار ئامادەکردن(١٠ نمرە)

## 15. دەرئەنجامەکانی فێربوون:

- بە پشت بەستن بە دەرەنجامەکانی تاقیکردنەوە و ئەنجامی چالاکییەکانی تری قوتابی وەکو:(چالاکی ڕۆژانە ، ڕاپۆرت نووسین، کیوزەکان، سمینار ئامادەکردن...هتد) دەکرێ دەرەنجامەکانی فێربوونی قوتابییەکان دەست بکەوێت. گرنگترین هەڵسەنگاندنێکیش لەم ڕووەوە بریتییە لە ئاستی تێگەیشتن و فیدباکی قوتابیان بۆ هەر یەکێك لە بابەتەکان بەگشتی و هەر باسێکیش بەتایبەتی، مامۆستای بەرپرسی کۆرس دەتوانێت ئەنجامی فێربوونی کۆرسەکە لای قوتابیان بەدەست بهێنێت. وا باشترە سالآنە مامۆستا ئەم پرۆسەیە ،لە ڕووی دەرەنجامەکانییەوە، بەراورد بکات. ئەمەش دەکرێ ببێتە زانییەرییەکی بەسوود بۆ مامۆستا تاکو دەرەنجامی کۆششەکانی خۆی لە وانە گوتنەوە بزانێت. کەواتە، مامۆستای بەرپرسی کۆرس دەتوانێت گرنگترین ڕوو و شێوازی وانەگوتنەوە و ئامرازەکانی فێرکردن و زانیاری تازە بەپشت بەستن بە سەرچاوەی تازەی بەدەست هاتوو هەڵبژێرێت و لە کات و شوێنی گونجاودا بەکاریان بهێنێت، تاکو بەهۆیەوە بەرزترین ئاست و ڕێژەی فێربوون بەگشتی و زانیاری نوێ بەتایبەتی،لەلایەن قوتابیانەوە، لە ماوەی ساڵی خوێندنی ئەکادیمیدا (٢٠٢٣-٢٠٢٤) بەدەست بهێنرێت.

## 16.لیستی سەرچاوەکان:


-1 سەعدی عوسمان هەروتی، مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دەستپێکەوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چ٢، هەولێر، ٢٠٢١.

2- **مێژووی نوێ و هاوچەرخی ئەمریکا ، د.عبدالرحمن السبعاوی، و: عماد جلال حبیب الله .**

3- **مێژووی ئەمریکا لەکۆنەوە تـا ئەمرۆ, د.ئاراس فەریق زەینەڵ .**

4- **رێبازی سەرۆکەکانی ئەمریکا ,**

5- **مێژووی ئەمریکا ( سیاسی-ئابووری-جوگرافی )، د.فچل الله قورەیشی، و: عەلی حاجی زەڵمی.**

6- **سیستەمی حیزبی لەئەمریکاو کاریگەری لەسەر سیستەمی حوکمرانی دەولەتەکە ، ڤیان مەجید.**

7- **عەقلی سەلیم، تۆماس پین، و: پیشرەو حسین.**

8- **دامەزراندنی ئەمریکاو دەستورەکەی، بجور نلوند، و: ئەبوبکر خۆشناو.**

9- **د.رأفت غنیمی الشیخ . امریکا والعالم فی التاریخ الحدیث والمعاصر،**

10- د.اسماعيل احمد ، معالم التاريخ الامريكى الحديث .

11-ستيڤن ڤنسنت بنيه، امريكا ، ترجمه :عبدالعزيز عبدالمجيد

12-تزڤيتان تودوروڤ، فتح امريكا ومسألة الاخر ، ترجمة : بشير السباعى.

13- فرنكلين أشر، موجز تاريخ الولايات المتحده، تر: مهيبه المالكى .

14-الان نيفينز، هنرى ستيل كوماجر، موجز تاريخ الولايات المتحدة، تر: محمد بدرالدين خليل.

15- د. محمد محمود النيرب، المدخل فى تاريخ الولايات المتحدة الامريكية حتى 1877، ج1 .

16- د.عمر عبدالعيز عمر، دراسات فى التاريخ الاوروبى والامريكى الحديث.

17- د.عبدالعزيز سليمان نوار، د. محمد محمود جمال الدين، تاريخ الولايات المتحدة الامريكية من القرن السادس عشر حتى القرن العشرين،1999.

18- توماس جيفرسن واعلان استقلال امريكا، كريستوفر هيتشنز، تر:رشا سعد زكى.


| 17. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| **خشتەی وانە بە گوێرەی هەفتانە**<br>**هەفتەی یەکەم**<br>- پیشکیەك لەبارەی دۆزینەوە جوگرافیەکان و دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکا<br>- ئەمریکا پێش دۆزینەوە جوگرافیەکان .<br>**هەفتەی دووەم :**<br>- ململانی کۆلۆنیالیزمی لەسەر کیشوەرە نوێ یەکان .<br>- هۆکارەکانی کۆچکردن بەرەو ئەمریکا .<br>**هەفتەی سێیەم :**<br>- دامەزراندنی داگیرگە ئینگلیزیەکان لە ئەمریکا :<br>- داگیرگەی ڤیرجینیا . Vergenia / باشور<br>- داگیرگەی نیو هامشیر . New Hampshire / باکور<br>- داگیرگەی ماساچۆست . Masachustes / باکور<br>**هەفتەی چوارەم:**<br>- داگیرگەی ماریلاند .Maryland / باشور<br>- داگیرگەی رۆد ئایلاند . Rod Island / باکور<br>- داگیرگەی کارۆلاینی باکور . Norht Carolina / باشور<br>- داگیرگەی کۆنیکتیکت . Connecticut / باکور<br>**هەفتەی پێنجەم:**<br>- داگیرگەی نیوجرسی . New Jersey / ناوەند<br>- داگیرگەی نیوئمستردام (نیویۆرك). New York / ناوەند<br>- داگیرگەی کارۆلاینی باشور. South Carolina / باشور<br>- داگیرگەی دیلاوێر . Delware / ناوەند | سامان عمر حمد |

| | |
|---|---|
| **هەفتەی شەشەم:**<br>- داگیرگەی پەنسلڤانیا, Pennsylvania / ناوەند<br>- داگیرگەی جۆرجیا. Georgia / باشور<br>- فراوان بوون پرۆسەی کۆچکردن بۆ ئەمریکا .<br>**هەفتەی حەوتەم:**<br>- سروشتی کۆمەڵگای ئەمریکی<br>- گەشەسەندنی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەمریکا پێش شۆرش .<br>**هەفتەی هەشتەم :**<br>- گەشەسەندنی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەمریکا پێش شۆرش<br>- تاقیکردنەوەی یەکەم<br>**هەفتەی نۆیەم:**<br>**ململانێی وڵاتانی ئەوروپی و رەنگدانەوەی لەپەیوەندیەکانی ئەمریکادا :**<br>- جەنگی ئۆکسبۆرگ 1689-1697 .<br>- جەنگی میراتی ئیسپانی 1701-1713 .<br>- جەنگی میراتی نەمسایی 1740-1748 .<br>- جەنگی حەوت ساله 1756-1763و پەیماننامەی پاریس .<br>**هەفتەی دەیەم:**<br>- پەیوەندیەکانی ئەمریکا-بەریتانیا بەر لە هەڵگیرسانی شۆرش .<br>- کۆت و پێوەندەکانی سەر داگیرگەکان .<br>- باجی شەکر<br>- یاسای تاونزەند 1767 .<br>**هەفتەی یازدەیەم:**<br>**شۆرشی سەربەخۆیی 1775-1783و کیشەی یەکێتی کونفیدرالی ویلایەتەکان:**<br>- زەمینەی سەرهەلدانی بیری جوداخوازی و سەربەخۆیی لە داگیرگەکاندا.<br>کۆنگرەی کیشوەریی یەکەم .<br>**هەفتەی دوازدەهەم :**<br>- کۆنگرەی کیشوەری دووەم و راگەیاندنی سەربەخۆیی .<br>- هەلگیرسانی جەنگی سەربەخۆیی .<br>**هەفتەی سێزدەهەم:**<br>- هەڵوێستی ولاتانی ئەوروپی لە جەنگەکە .<br>- پەیماننامەی ڤێرسای و سەرکەوتنی شۆرش . | |

| | |
|---|---|
| - هاتنەکایەی کیشەی یەکێتی کۆنفیدرالی لە ئەمریکا<br><br>**هەفتەی چواردەهەم :**<br>- دانانی دەستوور و هاتنە کایەی (یەکێتی فیدرالی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا )<br>**هەفتەی پازدەهەم:**<br>- رێکخستنی هەلبژاردنی یەکەم حکومەتی ئیتیحادی بەسەرۆکایتی جۆرج واشنتن 1789-1797.<br>- سەرۆکایەتی جۆن ئادمز 1797-1801.<br><br>**هەفتەی شازدەهەم:** ئەمریکا لەسەردەمی تۆماس جیفرسون .<br>- جەنگی ئەمریکی بەریتانی 1812-1814.<br><br>**هەفتەی حەڤدەهەم:**<br>- بنەمای مۆنرۆ .<br>- ئاندرۆ جاکسۆن و دیموکراسیەتی جاکسۆنی .<br><br>**هەفتەی هەژدەهەم:**<br>- فراوانخوازی بەرەو رۆژئاوا .<br>- جەنگ و رووبەرووبونەوە لەگەل هیندیە سورەکان.<br>- تاقیکردنەوەی دووەم<br><br>**هەفتەی نۆزدەهەم:**<br>- لکاندنی ویلایەتی تکساس .<br>- -جەنگی ئەمریکی-مەکسیکی و دەستبەسەرداگرتنی کالیفۆرنیا .<br><br>**هەفتەی بیستەم:**<br>- **جەنگی ناخۆیی ( ئەهلی )** 1861-1865 :<br>- هۆکارەکانی جەنگەکە .<br>- دامەزراندنی حیزبی کۆماری و هەلبژاردنی ئەبراهام لنکۆلن .<br>**هەفتەی بیست ویەکەم:**<br>- هەلگیرسانی جەنگ و پەرەسەندنەکانی 1861-1865.<br>- رزگارکردنی کۆیلەکان .<br><br>**هەفتەی بیست و دووەهەم:**<br>- هەلویستی بەریتانیاو فەرەنسا لەجەنگەکە .<br>- کۆتایی جەنگی ناوخۆیی و دەرئەنجامەکانی .<br><br>**هەفتەی بیست و سێهەم:** | |

| | |
|---|---|
| | - سیاسەتی بنیاتنانەوەی باشوور<br>**هەفتە بیست و چوارەم :**<br>**ئەمریکا لەدوای جەنگی نێوخۆیی ( سەردەمی بوژانەوەو سیاسەتی فراوا نخوازی)**<br>- هەلومەرجی نیوخۆیی لەدوای جەنگ و دووبارە بنیاتنانەوەی ویلایەتەیەکگرتووەکان.<br>- شۆرشی پیشەسازی و دەرکەوتنی سەندیکاکان .<br>**هەفتەی بیست و پێنجەم:**<br>فروانخوازی بەرەو رۆژئاوا .<br>- شۆرشی کشتوکالی .<br>- تاقیکردنەوەی سێیەم<br>**هەفتەی بیست و شەشەم:** فراوانخوازی بەرەو رۆژئاواو جەنگە ئەمریکی – ئیسپانی .<br>- هیرشکردن بوسەر مەکسیك .<br>**هەفتەی بیست و حەوتەم:**<br>ئەمریکا لەسەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی.(بارودۆخی ناوخۆو سیاسەتی دەرەوە)<br>- هەلویستی ئەمریکا لەجەنگەکە .<br>- بریاری جونە ناو جەنگ .<br>**هەفتەی بیست و هەشتەم:**<br>- دەسکەوتەکانی ئەمریکا لەجەنگی جیهانی یەکەم .<br>- کۆنگرەی ئاشتی لەپاریس |
| | 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) |
| | |

**19. تاقیکردنەوەکان**

**1. دارشتن:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات.
لەگەڵ وەڵامی نموونەییان
نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت

**2. راست وچەوت:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە رستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی بە

ڕاست یان چەوت دادەنێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**3. بژاردەی زۆر:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر رستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی راست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**20. تیبینی تر**

-دەکریَ بەپێی دەستکەوتنی سەرچاوەی تازە چاپکراو و زانیاری تازە گۆڕانکاری بەسەر هەندێ لە هەندێ ناونیشانی لاوەکیدا بکریت، ئەگەر پێویستی کرد. ئەمەش بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە و بەهرەمەندبوونی قوتابیانە لەو زانیاری و سەرچاوە تازانە.

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**

ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و چەند ووشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.

هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبیت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت.